www.dimane.com

# ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران

ئیدریس ئەحمەدی

[دەقی وتارێکە لەلایەن ئیدریس ئەحمەدی لە سیمیناری سەبارەت بە کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە 2006.05.27دا پێشکەش کراوە]

من باسەکەم سەبارەت بە ئەگەری هێرسی ئەمریکا بۆسەر ئێران لە چوارچێوەی ستراتیژیی ئاسایشی ئەمریکا، بەتایبەتی لەدوای 11ی سپتامبر، دەستپێبکەم.

سەرەتا باسەکەم بەو پرسیارە دەستپێدەکەم کە ئایا نیزامی نێودەوڵەتی لەدوای زەمانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی سارد، نیزامێکی یەکجەمسەرە (unipolar) یان فرەجەمسەر(multipolar) ؟ پرسیارێکی دیکەی پێوەندیدار ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا یەکلایەنە (unilateral) سیاسەتی خۆی دەباتە پێش یان فرەلایەنە(multilateral) ، واتە بە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە. ئەم باسە گرنگی تیۆریی خۆی هەیە و بە براوی من چوارچێوەیەکی دروستە بۆ ئەوەی هەم لە ستراتیژیی ئاسایشی ئەمریکا دوای 11ی سپتامبر تێبگەین و هەم لە سیاسەتیی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران. هۆی ئەوەی کە من گرنگی دەدەم بە ستراتیژیی ئاسایشی ئەمریکا، ئینتخابێکی مێتۆدۆلۆژییە، کە هیوادارم لەدرێژەی باسەکەمدا شیاوبوونی ئەو ئینتیخابە دەرکەوێ.

یەکگرتوویی‌یەک لەسەر ئەوە هەیە کە نیزامی نێودەوڵەتی لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی تا زەمانی سۆڤیەت نیزامێکی دووجەمسەر بوو و سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا بەرانبەر بە سۆڤیەت و هاوپەیمانانی سیاسەتێکی دەورگرتن (containment) و تۆقاندن (deterrence) بوو. بەڵام بۆچوونی جیاوز هەیە لەمەڕ نیزامی دوای کۆتای شەڕی سارد، و بەتایبەتی ئەوەی کە سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا دەبێ چۆن بێ و ئایا ئەمریکا یەکلایەنە سیاسەتی خۆی بەرێتە پێش یان فرەلایەنە.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام لە ستراتیژیی ئاسایشی خودی دەوڵەتی ئەمریکا دوای 11ی سپتامبر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێ کە سیاسەتی دەورگرتن و تۆقاندن بە کۆتایی شەڕی سارد باوی نەماوە و ئەورۆ مەترسییەکی دیکەی ئاسایشی هەیە کە پێویست بەوە دەکا ئەمریکا پێش ئەوەی هێرشی بکرێتە سەر، دەستپێشخەری نیزامی بکا. ئەم سیاسەتە لەڕووی بیرۆکەی ئاسایشییەوە کاکڵەی ڕێبازی بۆش (Bush doctrine) پێکدێنێ. ئەگەرچی خودی حکومەتی ئەمریکا ئەمەی بە 'preemption'و 'anticipatory action ناوی دەبا، لەڕاستیدا دروسترە بە شەڕ یان بەکاربردنی هێزی "پێشپێگرتن" ('preventive use of force') "ناوزەد بکرێ، سەرباری ئەوەی کە باسێکی زۆر هەیە سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئەمانە لەبەر تیشکی ڕێبازی بۆشدا.

دەستپێشخەری عەسکەری شتێکی تازە نییە و تەنانەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەکەوێتە خانەی مافی خۆپارستن، لەبەر ئەوەی دەستپێشخەری کاتێک رەوایە کە خەتەرێکی نزیک یان ڕاستەوخۆ (imminent threat) لەئارادا بێ کە ئەویش بە وتەی خودی حکومەتی ئەمریکا لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی 2002دا، بە مانای "تەیارکردنی دیار" یان "بەرچاوی" هێزی سەربازی، هێزی دەریایی یان هێزی هەوایی بێ. بەپێ ئەو بەڵگەنامەییەی ساڵی 2002، لەدوای شەڕی سارد دوژمنی تازەی ئەمریکا لە هیچ جێگایەک نییە و دەتوانێ لە هەموو جێگایەک بێ و زیان بگەیەنێ بە ئەمریکا یان وەڵاتانی هاوپەیمانی. ئەمەیش وا دەکا ئەمریکا ئەو مافە بە خۆی بدا کە سەرباری نادڵنیابوون سەبارەت بە کات و شوێنی هێرشی دوژمن، پێش بەو خەتەرە بگرێ، کە بە ڕای هێندێک لێکۆلەر دروسترە بە "شەڕی پێشپێگرتن" ناوزەد بکرێ نە "شەڕی دەستپێشخەری"، بەو مانایەی کە پێشتر باسم کرد، واتە کاتێک کە خەتەرێکی نزیک هەیە و ئەویش لە تەیارکردنی بەرچاوی هێزی سەربازی، هەوایی و هتدا بەرجەستە دەبێتەوە.

باشە ئەو خەتەرە لەلایەن کێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بۆ ئەمریکا ئەو خەتەرە، دوای شەڕی سارد، لەو دەوڵەتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە "دەوڵەتی تەڵەکباز" (rogue states) ناوزەد کراون و بەتایبەتی تیرۆریزمی ئیسلامی کە تۆڕی ئەل قایدە ناسراوترین نموونەیەتی، کە بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە 11ی سپتامبری 2001دا لە خەتەرێکی چاوەڕوانکراوەوە بوو بە واقعی. مەترسی یان خەتەری ئاسایشی بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو "دەوڵەتە تەڵەکبازانە" ببنە خاوەن چەکی ناوکی و کۆکوژی، یان ئەوەی چەکی کۆکوژی بدەن بە تۆڕی تیرۆریستی لە بابەتی ئەل قایدە.

بەپێی هەم تەوزیحی خودی حکومەتی بوش و هێندێک لە لێکۆڵەران، ئەم خەتەرە ئاسایشییە کە بوو بە هۆی ڕووخاندنی حکومەتی تاڵەبان و هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لە ساڵی 2003. 11ی سپتامبر بە واتایەکی دیکە ڕووداوێک بوو کە بووە هۆی گۆڕانی سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا لە دەورگرتن و تۆقاندنەوە بۆ دەسپێشخەری عەسکەری (لە کەیسی ئەفغانستان) و شەڕی پێشپێگرتن (لە کەیسی عێراقدا)، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوە نیشانی دا دوژمنی تازەی ئەمریکا جیهانبینی و مەتقێکی تایبەتی هەیە و ئەویش نە تەنها نەبوونی ڕێزە بۆ ژیانی مرۆڤ، بەڵکو ئامادەیی تیرۆریستان بۆ بەختکردنی گیانی خۆیان لەپێناو وەدستهێنانی ئامانجەکانیان. سیاسەتی دەورگرتن و تۆقاندن لەسەر ئەو پێشگریمانە ڕاوەستابوو کە دوژمی ئەوکاتی ئەمریکا (واتا یەکێتیی سوڤیەت) ئەکتەرێکی ئەقڵانییە و نایەوێت خۆکوژی ناوکی (nuclear suicide) بکا. لە پێوەندیی لەگەڵ دوژمنێکی وادا سیاسەتی تۆقاندن کاریگەرە، بەڵام بەپێ ڕێبازی بوش لەگەڵ دوژمنەکانیدا کە نە تەنها ڕێزیان بۆ ژیانی خەڵکی دیکە نییە بەڵکو ئامادەن خۆیان لەبەینبەرن، خەتەرێکی ئاسایشیان پێکهێناوە کە خوازیاری شەڕی دەستپێشخەری و شەڕی پێشپێگرتنە.

ئەمە هۆی ئەوە بوو کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق و ڕێژیمی سەددامی ڕووخاند، چونکە بەپێی هێندێک کاربەدەستی سیاسیی و لێکۆڵەری ئەمریکی سەددام لە ڕابردوودا نیشانیدابوو کە ڕیسکی گەورەرە دەگرێ؛ بۆ نموونمە بە شەڕکردن دژ بە ئێران، داگیرکردنی کووەیت، بەکاربردنی چەکی کۆکۆژی دژ بە نەتەوەی کورد و سەربازی ئێرانی و هتد. بە واتایەکی دیکە، ئەگەرچی سەددام و ڕێژیمەکەی عیلمانی بوو، هەروەک چۆن چەکی کیمایی و بایۆلۆژی بەکاردەبرد، ئەگەر چەکی ناوکی وەدەستهێنابا، ئەو چەکانەشی بەکاردەبرد. بەڵام وا پێدەچێ ئەم مەترسییە لە جیهانبینی و منتقی تیرۆریزمی ئیسلامیدا زۆرتر ببینن. (هەڵبەت دەکرێ بڵێین ئەو ئیستدلالەی کاربەدەستانی سیاسیی و لێکۆڵەری ئەمریکی موتەناقز دێتە بەرچاو، لەبەر ئەوەی مەنتقی خۆکوژی کە دەوترێت تایبەتمەندیی بیرۆکە و جیهانبینی ئیسلامیستەکانە، لەڕاستیدا لە لای هەموو لایەن و دەوڵەتێکی ڕیسکگیر لە بابەتی سەددام هەیە و ناکرێ سنووردار بکرێ بە ئیسلامیزم).

لێرەدایە کە مەسەلەی چەکی ناوکیی ئێران دێتە گۆڕێ و هەوڵی ئەمریکا بۆ پێشگرتن بە ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئەو چەکانە. ئەگەرچی تەنها یەک جار ئاماژە بە ئێران دەدرێ لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی 2002دا، ئێران لە بەڵگنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی 2006دا وەک گەورەترین مەترسی بۆ ئاسایشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەستنیشان دەکرێ. ڕاستە بوش لە ساڵی 2002دا ئێرانی لەگەڵ کۆریای باکوور و عێراق بە "شانی ئەهریمەن" (axis of evil) لەقەڵەمدا، بەڵام تا ساڵی 2006ی خایاند تاکو ئێران ببێت بە گەورەترین مەترسی بۆ ئەمریکا. (پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە لەو بەڵگەنامەدا باس لە "challenge" دەکرێ و نەک "خەتەر" یان "مەترسی" (threat). بەڵام لەبەر ئەوەی بە کوردی وشەیەکم بۆ "challenge" بۆ نەبیندراوە، ناچار بووم بە مەترسی ناوی بەرم. هەڵبەت سەربارى ئەو مەسەلە زمانییە، بە بۆچوونی من ئەگەر بیرۆکەی ئاسایشی ئەمریکا لە گشتییەتی خۆیدا لە بەرچاو بگرین، زێدەڕۆیی نییە کە ئێران بە گەورەترین مەترسی بۆ ئەمریکا لەقەڵەم بدرێ).

ئەمەش نە تەنها پێوەندی بە پرۆژەی ناوکیی ئێرانەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێران هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە لە پێناسەی "دەوڵەتی تەڵەکباز" لە بەڵگەنامەی ساڵی 2002دا هاتووە: ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن:

(1هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیکی دڕندانە و دیکتاتۆرانە بەرانبە بە دانیشتوانی وڵات، و بەفیڕۆدان و دزینی سامانی نەتەوەیی لەلایەن حاکمانەی وڵات.

(2پشتگوێخستنی یاسای نێودەوڵەتی، هەڕەشەکردن لە دراوسێکانی وەڵات و پابەندنەبوون بەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە حکومەتی وەڵاتی تەڵەکباز ئیمزای کردون.

(3سووربوونی وەڵاتی تەڵەکباز لەسەر وەدەستهێنانی چەکی کۆکوژی بە مەبەستی هەڕەشەکردن یان هەڵمەتدانی دەوڵەتی دیکە.
(4سپۆنسۆرکردنی تیرۆریزم لە ئاستێکی گلۆبالدا.
(5ڕەتکردنەوەی بەها بنگەییە ئینسانییەکان و مافی مرۆڤ، دژایەتیکردنی ئەمریکا و هەموو ئەو بەهایانەی کە ئەمریکا بایەخیان پێدەدا.

کە ئەگەڕێتەوە سەر ئێران، ئەمریکا بە پلەی یەکەم پرۆژەی ناوکیی ئێران و سپۆنسۆرکردنی تیرۆریزم لەلایەن ئەو وەڵاتەوە بە مەترسی گەورە دەزانێ. لە بەڵگنامەی ساڵی 2006دا هەروەها هاتووە کە ئێران "هەڕەشە لە ئیسراییل دەکا؛ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین تێکدەدا، دیموکراسی لە عێراقدا دەشێوێنی و ئاوات و ئارزووی میلەتی ئێران بۆ ئازادی نکۆڵی دەکا".

(هەڵبەت پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە: بۆ ئەمریکا هێرشی نەبردووەتە سەر کۆریای باکوور کە زۆر لە پرۆژەی چەکی ناوکیی خۆیدا پێشکەوتووە؟ یان با بڵێین، بۆ ئەو گرنگییە دەدرێ بە ئێران کە هێشتا لەوە دەچی سەرنەکەوتبێ لە پیتاندنی یورانیوم بە ڕادەی پێویست بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی؟ وەڵامێک دەتوانێ ئەوە بێ کە کۆریای باکوور خاوەنی ئەرتەشێکی مەزنە و هەروەها دەتوانێ زیانی گەورە بە کۆریای باشوور بگەیەنی، کە گرنگێکی جیۆستراتیژی هەیە بۆ ئەمریکا. بەڵام ئەگەر ئەو مەترسییە لەبەرچاو بگرین کە ئەمریکا دوای شەڕی سارد و بەتایبەتی دوای 11ی سپتامبر دەستنیشانی کردووە، ئەوجا دەکرێ بڵێین ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە کە ئێرانی خاوەن چەکی ناوکی هەم بتوانێ بە چاوسوورکردنەوە (blackmail) ملاملانێی توندتر بکا لەگەڵ ئەمریکا و بەو شێوەیە ئیمتیازی زیاتری لێوەرگرێ و هەم چەکی کۆکوژی بدا بە تیرۆرسیتە ئیسلامییەکان. هەروەها وا پێدەچێ کە دوای شکستی مارکسیزم، کۆریای باکوور بەدوای لق و پۆپ هاویشتن یان فراوانکاری (expansionism) نەبێ بەڵکو ئامانجی مانەوەی ڕێژیمەکەی بێ، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی ئێران پرۆژەی فراوانکاری ئایدۆلۆژی هەبێ و تیرۆریزمی ئێسلامی لە ئاستی گلۆبالدا سپۆنسۆر و بەهێز بکا.)

بەکورتی، ئەوە تێگەیشتنی حکومەتی ئەمریکایە لەو مەترسییە ئاسایشییەی کە دوای شەڕی سارد و بەتایبەتی دوای 11ی سپتامبر بووە بە شتێکی واقعی و ستراتیژیی ئەمریکا و عەمەلی وی لە داهاتوودا بەرانبەر بە ئێران، بە بۆچوونی من، دەبێ لەو چوارچێوەدا لێکبدرێتەوە.

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە سەرەتا ئاراستەم کرد، واتە ئایا نیزامی نێودەوڵەتی هەنووکەیی یەکجەمسەرە یان فرەجەمسەر و هەروەها ئەو پرسیارە پێوەندیدارە کە ئایا ئەمریکا دەبێ یەکلایەنە هەڵسوکەوت لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی و "دەوڵەتانی تەڵەکباز" بکا یان بە هاوکاری دەوڵەتانی دیکە و لەڕێگەی دیپلۆماسی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کێشەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا چارەسەر بکا. لەم پێوەندییەدایە کە لە زانستی سیاسەتدا باسێکی تیۆریی گەرم دەکرێ. ئەگەر پۆلێنکردنێکی هێندێک سەرپێچی بکەین، دەتوانین بڵێین سێ ڕوانگەی تیۆریی سەرکی هەن:
(1ریالیزم، 2) لیبرالیزم و 3) ئەو ریالیستانە کە لایەنگری ڕێبازی بوشن، کە من بە نوێ‌ریالیست ناوزەدیان دەکەم. هۆی ئەوەی کە من ئەمانەی دوایی بە "نوێ‌ریالیست" ناوزەد دەکەم و نە "نوێ‌کۆنسێرڤاتیڤ" –کە بەوانە دەگوترێ کە لە حکومەتی بوشدان و بە تیۆریسییەنی ڕێبازی بوش دەناسرێن – ئەوەیە لێکۆڵەرەوگەلێک وەک بۆ نموونە رابێرت لیبێر (Robert Lieber) کە سەر بە دیموکراتەکانە، لە زۆر ڕووەوە پشتیوانی ڕێبازی بوشن، بەتایبەتی کە ئەگەڕێتەوە سەر پێویستی دەستپێشخەری و تەنانەت بەکاربردنی هێزی پێشپێگرتن دوای ئەو خەتەرەی کە دوای 11ی سپتامبر هاتووەتە ئاراوە. (ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەمانە تەنها ڕوانگەگەلێکن کە ئەورۆ وجوودیان هەیە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو ڕوانگانە لە باس و موناقشەکان سەبارەت بە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا، دەوریان هەیە. هەروەها دەبێ ئەوەیش بڵێم کە بۆچوونی جیاوز هەیە لەنێو هەر یەک لەم ڕوۆانگە تیۆریکانەدا. بەڵام پۆلێنکردن سەرباری گرفتەکانی، پێویستە.)

ریالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە شەڕ لە سروشتی مرۆڤ و دەوڵەتاندایە، و لەبەر وجوودی ئانارکی لە سەرەوەی دەوڵتان، دەوڵەتان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان چەک و هێزی سەربازی وەدەستدێنن. ئەمەش وادەکا کێشە و شەڕ دیاردەگەلێکی دایمی دەبن. پێیانوایە کە زلهێزیکی وەک ئەمریکا دەبێ سیاسەتی تۆقاندن بگرێتە پێش لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە تەڵەکبازەکان بە هاوکارییەکی فرەلایەنە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی دەستپێشخەری و پێشپێگرتن

دەتوانێ هانی دەوڵەتی دیکە بدا کە هاوپەیمانییەک پێکبێنن بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەمریکا بدەنەوە. بە بڕوای ئەوان ئەمریکا دەبێ هەوڵ بدا بۆ پاراستنی دۆزی هەنووکەیی (status quo) و پێکهێنانی بالانس لە نیزامی نێودەوڵەتیدا. بۆ نموونە لە ڕوانگەیەکی واوە ئاکامی سیاسەتی دەستپێشخەریی و حزووری ئەمریکا لە وەڵاتانی دراوسێی ئێران وای کردووە کە نوخبەی سیاسی ئێران (بە چاو کردن لە ئەزموونی کۆریای باکوور) سوور بن لەسەر ئەوەی کە تەنها ڕێگایەک بۆ ئەوەی ئەمریکا هێرش نەکاتە سەر ئێران، وەدەستهێنانی چەکی ناوکییە بۆ تۆقاندنی ئەمریکا. هێندێک کەس تەنانەت وا دەگەیەنن کە ئەگەر بێتو ئێران چەکی ناوکی وەدەستبهێنێ، ئەمریکا دەتوانێ بە زلهێزبوونی خۆی ئێران بتۆقێنێ لە بەکاربردنی چەکی ناوکی و کۆکوژی، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێران دەزانێ کە بەرکاربردنی چەکی ناوکی بێ وەڵام نابێ لەلایەن ئەمریکا و ئیسراییلەوە کە بەهێزترن لەو. هێندێک لێکۆڵەر تەنانەت ئەوە دەگەیەنن کە قازانجی چەکی ناوکی ئەوەیە کە بالانسی دەسەڵات و شێوەیێک لە سەقامگیری ئاسایشی پێکدێنێ، لەبەر ئەوەی دوو وڵات کە خاوەن چەکی ناوکی بن، دژ بە یەکتر بەکاریان ناهێنن.

بەڵام هێندێک لێکۆڵەر (بە تایبەتی لێکۆڵەری ئەمریکی و ئیسراییلی)، کە من بە لایەنگری ڕێبازی بوشیان دەزانم، لە بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئێران پێش هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق پرۆژەی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی هەبوو، هەم لە سەردەمی شادا و هەم لە کاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا. تا ئەم ساڵانەی دوایی ئێران توانی ئەو پرۆژە نهێنی ڕاگرێ. خاڵێکی دیکە کە ئاماژەی پێدەدەن سپۆنسۆرکردنی تیرۆریزمە لە ئاستێکی گلوبالدا لەلایەن ئێرانەوە و هەڕەشەی ئێران بۆ لەنێوبردنی ئیسراییل. هەروها پێیان وایە کە جیهانبینی و مەنتقی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران جیاوازە لە هی سۆڤیەتی کۆن و ئەو وەڵاتانەی کە خاوەنی چەکی ناوکین، (وەک هیند و پاکستان) و پێیان وایە کە ئەمریکا ناتوانێت ئێران بتۆقێنێ و دەبێ بە هەموو شێوەیەک پێش بە ئێران بگرێ، تەنانەت ئەگەر پێویست بە بەکاربردنی هێزی نیزامی بکا. دەتوانین بڵێین ئەم نۆێ-ریالیستانە پێیان وایە دونیای ئەوڕۆ یەکجەمسەرە و ئەمریکا وەک تاکە زلهێزی جیهانی توانای عەسەکەری و سیاسیی ئەوەی هەیە کە پێش بە خەتەری چەکی ناوکی لە لای ڕێژیمی ئیسلامی ئیران بگرێ. پێیان وایە کە ئەمریکا تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ بە هاوکاری وەڵاتانی دیکە و بە پشتیوانی کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان مەسەلەی ئێران چارەسەر بکا، بەڵام ئەگەر ئەوە مومکین نەبێ، ئەمریکا نابێ ڕاوەستێ و دەبێ عەمەل بکا دژ بە ئێران.

لیبرالەکان هەم لێکدانەوەی ئەزموونیان هەیە سەبارەت بەوەی کە نیزامی نێودەوڵەتی چۆنە و هەم بە شێوەیێکی ڕاشکاوانەتر لەوانی دیکە نۆرماتیڤن بەو مانای کە دەبێ چی بکردرێ بۆ پێشگرتن لە شەڕ و بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی. وەک لە ناوە ئینگلیزییەکەیان (liberal institutionalists') دەردەکەوێ ئەمانە خوازیاری دامەزراوەی نێودەوڵەتی و تەنانەت باڵادەوڵەتین بۆ ئەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان چارەسەر بکرێن و ئاشتی و ئاسایش مسۆگەر بکرێ. لیبرالەکان هەروها پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بە بڵاوبوونەوەی بەها لیبرال-دیموکراتیکەکان و تێکەڵکردنی دەوڵتان لەنێو بازارێکی ئازادی جیهانیدا پێوەندیی نێوکۆی دروست دەبێ بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی و ئاشتی. هەڵبەت لەم پێوەندییەدا گرنگیکی زۆر دەدرێ بە دیپلۆماسی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەرچی هەموو لیبرالەکان یەکدەنگ نین لەسەر کاراکتەریزەکردنی نیزامی نێودەوڵەتی، زۆربەیان دەکرێ بڵێین نیزامی نێودەوڵەتی بە فرەجەمسەر دەبینن و هەروها لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا خوازیاری هاوکاری و هاوپەیمانی ئەمریکان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، و گرنگی دەدەن بە نەتەوە یەکگرتووەکان. یەکێک لە بیریارە ناودارەکانی ئەم جۆرە لیبرالیزمە، جان ئایکنبێری (John Ikenberry) ، بە توندی ڕەخنە لە ڕێبازی بوش دەگرێ و دەڵێ سیاسەتی ئەمریکا "نۆێ-ئیمپریالیستییە" و ئەمریکا هەمان هەڵە دووپات دەکاتەوە کە ئیمپراتۆرییەکان لە مێژوودا کردوییانە، واتە بە هەڵسوکەوتی دەستپێشخەری و گرنگیدان بە هێزی سەربازی لەباتی هێژمۆنی بە مانای قەناعەت پێهێنان بۆ قەبووڵکردنی ئوتۆریتەی ئەمریکا، پێگەی خۆی لەق دەکا و دوژمن بۆ خۆی ساز دەکا.

هەڵبەت ڕوون نییە کە مەبەست لە "یەکجەمسەری" و "فرەجەمسەری" چییە. وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئەزموونی وەک ئەوەی کە سەرەتا ئاراستەم کرد، بێگومان گرێدراوە بەوە و چ پێناسەیەک لە چەمکی "یەکجەمسەری" و "فرەجەمسەری" بکرێ. گرفت لەوەدایە کە پێناسەی ئەو چەمکانە زۆر جار ڕوون نین و هیچ یەکدەنگییەک نییە سەبارەت بە ناوەرۆکیان .

بۆ نموونە سامۆێل هانتینگتن (Samuel Huntington) دەنووسێ یەکجەمسەری "...سیستەمێکە کە تێیدا یەک زلهێزی هەبێ، هیچ هێزی دیکەی گەورەی گرنگی تێدا نەبێ، بەڵام چەندین هێزی بچووکی تێدا بێ." بەردەوام دەبێ و

دەنووسێ "لە ئاکامدا ئەو دەوڵەتەی کە هێزی سەرەکییە بتوانێ بەتەنیا کێشە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرانە چارەسەر بکا و هیچ هاوپەیمانییەک لە دەوڵەتی دیکە دەسەڵاتی ئەویان نەبێ پێشی پێبگرن." هانتینگتن بە پێچەوانەی زۆر لێکۆڵەری دیکە کە باس لە یەکجەمسەری دەکەن بەڵام زەحمەت بە خۆیان نادەن پێناسەی ئەو چەمکە بکەن، لێرەدا پێوەرێک دادەنێ بۆ یەکجەمسەری، ئەگەرچی پێواندنی "هێز" و "دەسەڵات" گەلێک ئاڵۆزە، بەتایبەتی گەر مەبەست لە دەسەڵات تەنها هێزی عەسکەری و ئابووری نەبێ.

لێرەدا کاتی ئەوەم نییە بە وردی باس لەم پێناسەیە لە یەکجەمسەری بکەم، بەڵام گرنگترین پێوەر بۆ یەکجەمسەری ئەوەیە هێزی سەرەکی بتوانێ بەتەنیا کێشە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرانە چارەسەر بکا. ئەگەر مەبەست لە یەکجەمسەری ئەوە بێ، بۆ بەرپەرچدانەوەی تێزێکی وا دەتوانین ئاماژە بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بکەین: ئەمریکا پشتیوانیی عەسکەری بریتانیای هەبوو و هەروەها پشتیوانیی چەندین وەڵاتی دیکەیە بە ڕادەی جیاواز لە بواری سیایدا هەبوو. هەروەها ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی شەرعییەتی شەڕ دژ بە عێراق لە کۆنسەی ئاسایشی UN وەربگرێ. هەروەها دەتوانین وێنای هاوپەیمانییەک لە کۆمەڵێک دەوڵەت بکەین لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا کە بتوانن پێش بە ئەمریکا بگرن لە زۆر ڕووەوە. بەکورتی، نیزامی نێودەوڵەتی یەکجەمسەر نییە، ئەگەر "یەکجەمسەری" وەک هانتینگتن پێناسە بکەین.

چارلس کاراوتهامێر (Charles Krauthammer) دەنووسێ ئەو کەسانەی کە نکۆڵی لە یەکجەمسەری دەکەن تەنها بە بەکاربردنی پێوەرێکی هەڵە دەتوانن وا بکەن، ئەویش ئەویە کە ئەمریکا بەتەنیا بتوانێ هەموو ئامانجەکانی لە هەموو جێگایەک وەدەستبێنێ. کراوتهامێر بە تەنزەوە دەڵی ئەو پێوەرێکە بۆ هێزێکی خودایی، نەک بۆ هێزی ئەمریکا. کراوتهامێر مەبەستی لە یەکجەمسەری ئەوەیە کە ئەمریکا تاکە زلهێزە لە دونیادا، بەڵام پێویستی بە هاوکاری و هاوپەیمانییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەگەر مەبەست لە یەکجەمسەری ئەوە بێ، بێگومان ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ ئەمریکا تاکە زلهێزە لە دونیادا. وەک زۆر جاران لە دونیای ئاکادێمی و سیاسی، جیاوازی بۆچون لە ئاستێکی ئەزموونیدا (empirical) نییە، بەڵکو بەکاربردنی زاراوەکانە بە شێوەی جیاواز، کە ئەویش سەرلێشیواوییەکی زۆر دروست دەکا.

بەڵام ئەگەر مەسەلەی دەقیق بوون لە بەکاربردنی ئەو چەمکانە ولابنێین، من پێم وایە چەند مەسەلەیەک هەن کە زیاتر ئەوە دەگەیەنن کە جیهانی ئەمڕۆ فرەجەمسەرە. یان بە قسەی هانتینگۆن "یەک-فرەجەمسەرە" (uni-multipolar). ڕەنگە نموونەی هەرە بەرچاو ئەو درزە بێ کە لە نێوان ئەمریکا لە لایەکەوە و چین و ڕوسیا لە لایەکی دیکەوە هەیە لە کۆنسەی ئاسایشدا لە پێوەندیی لەگەڵ قەیرانی پرۆژەی ناوکیی ئیران. ئێران تا ئێستا زۆر زیرەکانە سوودی لەو درزە وەرگرتووە. هەروەها ئەمریکا بەهۆی نەبوونی پێوەندیی دیپلۆماسی لە گەڵ ئێران لە دوای شۆڕشی ئێران، ئەرکی فشارهێنان و قەناعەتهێنانی بە ئێران بۆ وازهێنان لە پیتاندنی یورانیۆم، ئەسپاردووە بە وەڵاتانی ئەوروپایی .

لێرەدایە کە مەسەلەی سیناریۆکان دێتەگۆڕێ. ئەو سیناریۆیانەی کە باسیان لێدەکرێ ئەمانەن:
سیناریۆی هێرشی زەمینی: بەپێ هێندێک کەس ئەمریکا پێویستی بە هێزێکی سەربازی زۆرە بۆ ئەوەی بتوانێ هێرشێکی زەمینی بکاتە سەر ئێران. ئەمەیش بەهۆی ئەوەوە کە ئەمریکا لە عێراقدا "گیری" کردووە، بۆتە مەسەلەیێکی دژوار. هەروەها ئێران جیاوزی هەیە لەگەڵ عێراق.
1) لەڕووی جوگرافیاییەوە ئێران زۆر لە عێراق مەزنترە کە مەیدانی شەڕی زەمینی دژوارتر دەکا.
2) ئێران ئەرتەشێکی مەزنتری هەیە کە بە بەراوردکردن لەگەڵ عێراقدا، خاون چەکی باشترە و بە تایبەتی ئێران خاوەنی موشەکی دوورهاوێژە کە دەتوانێ زیانی گەورە بە هێزە ئەمریکییەکان بگەیەنێ.
3) دانیشتوانی ئێران چەند بەرابەری دانیشتوانی عێراقە کە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی کەیسی عێراق مەسەلەی مسۆگەرکردنی ئاسایش لەدوای شەڕ دەکا بە ئەرکێکی زۆر گەورەتر.

سیناریۆی لەبەینبردنی بنەکە ناوکییەکانی ئێران:
1) ئێران دەرسی وەرگرتووە لە لەبەینبردنی بنەکەی ناوکی عێراق لە لایەن ئیسرایلەوە لە ساڵی 1981 بەوەی کە بڵاویان بکاتەوە و هەروەها لە مەڵبەندگەلێکدا دروستی کردوون کە خەڵکیان تێدا دەژین، کە مەسەلەی خەتەری کوشتنی خەڵکی مەدەنی زۆر کردووە. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئێران هێندێک لەو بنەکانەی لەژێر زەویدا شاردووەتەوە.

سیناریۆی سەرکەوتنی "دیپلۆماسیی فشارهێنان" :('coercive diplomacy') ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپایی ڕەنگە بتوانن فشار بێنن بۆ ئێران کە واز لە پیتاندنی یورانیۆم بێنی، کە ئەویش ناموکمین نییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئێراندا، بە پێچەوانەی عێراق، دەسەڵات لە پاوانی یەک کەسدا نییە، بەڵکو لە ئێراندا چەندین سەنتەری دەسەڵات هەن کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و هەروها دەبێ پراگماتیزی ئێران لەبەرچاو بگرین گەر هەست بکەن ئەمریکا جیددییە لە بەکاربردنی زەبروزەنگ.

مەسەلەیەک کە لێرەدا گرنگە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە بێجگە لە هێرشی زەمینی، هیچ کام لەو ئالترناتیڤانەی دیکە بە مانای گۆڕانی ڕێژیم نییە! بەتایبەتی بۆمبارانکردنی بنکە ناوکییەکانی ئێران تەنها بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو بنکانەیە. هەروها دەبێ ئەوەیشی لێ زیاد بکرێ کە فاکتەرێکی دیکە کە مەسەلەی هێرشی زەمینی دژوار دەکا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەفغانستان و عێراق، ئۆپۆزسیۆنێکی ئێرانی نییە کە پشت بە ستراتیژییەکی وا بگرێ و بە تایبەتی - بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق - بتوانێت ئەمنییەتی وڵات مسۆگەر بکا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە نەکەوێتە سەر شانی سەربازی ئەمریکی. لێرەدا ڕای گشتیی ئەمریکا گرنگە، بەتایبەتی بە لەبرچاوگرتنی لەدەستدانی سەربازی ئەمریکی لە عێراق، بەڵام هاوکات بوش لە دەورەی دووەمیدایە و ئەوەیش وا دەکا کە کەمتر ملکەچ بێ بۆ ڕای گشتیی ئەمریکا.

ئەم مەسەلانە گرنگن، چونکە هەڵەیە گەر حیزبە کوردییەکان پرۆژەی خۆیان ببەستنەوە بە دڵنیابوون سەبارەت بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و گۆڕینی ڕێژیم. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو چالاکییانەی دوایی بە پشتیوانیکردنی هێندێک گروپ و لایەنی ئێرانی لەڕووی تەبلیغاتییەوە و بانگهێشتنکردنی سەرکردە کوردەکان بۆ واشینگتن دەتوانێت وا تەفسیر بکرێ کە ئەمریکا بەرنامەیەکی درێژخایەنی هەیە بۆ گۆڕینی ڕێژیم.

بەڵام هاوکات دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئەگەر ئێران وازبێنێ لە هەوڵکانی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، ئەوجا بەرنامەی گۆڕینی ڕێژیم مانای نامێنێ و پشتیوانیکردنی حیزبە کوردییەکان و حیزبە ئێرانییەکان کۆتایی پێدێ، مەگەر ئەو قەناعەتە لای ئەمریکاییەکان بمێنێتەوە کە ئێران تا ئەو کاتەی ڕێژیمی ئیسلامی بێ، وەک دەوڵەتێکی تەڵەکباز دەمێننەوە و گۆڕینی ڕێژیم لە بەرژەوەندیی درێژخایەنی ئەمریکادایە. بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژەیش بەوە بدەم کە لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی 2006دا هاتووە کە ئەمریکا دەیەوێت ئێران سیستەمی سیاسیی خۆی بکاتەوە، کە بە مانایەک ریفۆرم لە ڕێژیمدا دەگەیەنی نەک گۆڕانی ڕێژیم!

هەروها ئێمە نازانین کە ئەمریکاییەکان چۆن دەڕواننە توانایی کورد بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش لە کوردستان: ئەگەرچی ئەزموونی کوردستانی عێراق هەیە، بەڵام ئەو ئەمنییەتە ماوەیەکی زۆری برد تاکو مسۆگەر بێ و تا ئەو کاتەی شەڕی نێوخۆیی هەبوو، ئاسایش لە کوردستان بە دوور دەبیندرا. لێرەدا دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئەمریکاییەکان چۆن بیر دەکەنەوە سەبارەت بە هێزە کوردییەکان بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی نێۆان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە هەشتاکان و شپرزیی سیاسیی هەنووکەیی و شەڕی دەسەڵات لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران؟

لەکۆتایدا دەبێ بڵێم کە هەر چۆنێک بێ، ئێمەی کورد دەبێ زۆر بە وردی لەم مەسەلە بکۆڵینەوە. من هەوڵمداوە ئاڵۆزیی مەسەلەکە و فرەجەمسەری نیزامی نێۆدەوڵەتی بخەمەڕوو بۆ ئەوەی خۆمان لە لێکدانەوەی ڕووکەشی و دڵنیانی بێ بنەما سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران، بپارێزین .

ئەوە دروستە کە فاکتەری دەرەکی دەوری باڵایان گێڕاوە لە خۆشکردنی زەمینە بۆ بزاڤی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران هەر لە کاتی دروستکردنی کۆماری کوردستانەوە تا بووژاندنەوەی خەباتی نەتەوایەتی دوای شۆڕشی ئێران لەژێر سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتدا. بەڵام بە بۆچوونی من نابێ هەموو پرۆژەی سیاسیی خۆمان ببەستینەوە بە ئەگەری گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، چونکە ئەگەر ئەوە ڕوونەدا ریسکی ئەوە هەیە تووشی بێهیوایی و ئاپاتی سیاسی بین.

ئێستا سەرباری ئاڵۆزی مەسەلەکان، ناکرێ بڵێین ئەمریکا هێرش ناکا بۆسەر ئێران و ڕێژیم ناگۆڕێ. پێشبینیکردنی ڕووداوەکان بە دڵنیاییەوە مەحاڵە. ئەگەر بێتو ئەمریکا هێرش بکا، لە بەرژەوەندی کورددا دەبێ کە خۆی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی جیا بکاتەوە و سیاسەتی سەربەخۆ بگرێتەپێش بەرانبەر بە ئەمریکا.

سوپاس بۆ گوێگرتنتان!

ئیدریس ئەحمەدی - 2006.05.27

* * *

ئاگاداریی لە دیمانەوە:

-ئەم نووسراوە دەقی ئەو قسانەیە کە ئیدریس ئەحمەدی لە سیمینارێک لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە ڕێکەوتی 27ی مەیی 2006دا پێشکەشی کرد. سیمینارەکە لەلایەن Kurdish Platform ڕێکخرابوو بە بەشداری ئیدریس ئەحمەدی و سەعید شەمس سەبارەت بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران و هێندێک مەسەلەی پێوەندیداری ستراتیژیک.

-ئیدریس ئەحمەدی کاندیدای دوکتۆرایە لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی ستۆکهۆڵم و تێزی دوکتۆراکەی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران و عێراق دەنووسێ .